# کوردانی دانیشتووی بەغداد ژیانیان چۆنە؟

جەمال پێنجوێنی-بەغداد

سەدان هەزار کورد لەبەغدای پایتەختی عێراق ئەژین کە ژمارەیەکی زۆریان کوردی فەیلین. سەرەڕای ژیانی پڕ ترس و تۆقاندن و کوشتن و ئاوارەکردن و تالآن کردنی سەردەمی ڕێژیمی بەعس، ئێستاش وەك کەسانێکی لەبیرکراو لەدەریایەکی ئاڵۆزیی و توندوتیژیی تایەفەگەریی و تیرۆردا، وەك زیندان لەخانووە کەلاوەئاساکانیاندا ژیانێکی کولەمەرگی بەسەرئەبەن و بەدەست بێکارییەوە ئەناڵێنن و لەلایەن حکومەتی نوێی عێراقەوە هیچ هاوکارییەکی شایانی باس ناکرێن، ئاسایشیان پارێزراو نییە و مناڵەکانیان ناتوانن بخوێنن و توانای دارایی ئەوەشیان نییە بەغدا جێبهێڵن و ڕووبکەنە کوردستان.

کوردانی بەغدا لەناو گەرشەکەکانی شیعە نشین و سونە نشیندا ئەژین. و زۆر پێویستیان بەیارمەتی هەیە تابتوانن ڕووبەڕووی ئەو دۆخە کارەساتبارە ببنەوە.



















